## هەواڵ

### لە پێناو هەندەران هەوڵی خۆکوشتن دەدات

ڕۆژی 25-11-2007 لە شارۆچکەی قەڵادزێ دا گەنجێکی تەمەن 19 ساڵ بە ناوی (س. م)، چونکە باوکی هاوکاری نەکردووە تا بەرەو هەندەران بڕوات هەوڵی خۆسووتاندن دەدات، بەڵام خۆشبەختانە دراوسێکانی بەهانایانەوە دەچن و ڕێگری لێدەکەن و ژیانی ڕزگار دەکەن، بەوهۆیەوە ئێستا خۆی لەماڵەوە گۆشەگیر کردووە.

جێگەی ئاماژەیە کە چەند ساڵێکە گەنجانی کوردستان لە نەبوونی خزمەتگوارییەکان وبەوهۆیەشەوە شالاوی ڕەوکردن بۆ هەندەران بۆتە دیاردەیەکی زەق و بەرچاو، کەچی تا ئێستا ڕێگەچارەیەکی گونجاوی بۆ نەدۆزفراوەتەوە.

### کرێکارێک سکاڵا لسەر بەرپرسێک تۆمار دەکات

بەگوێرەی زانیارییەکان ساڵی پار کرێکارێک بەناوی (ن. ڕە) کاری بۆیەی بۆ بینای دەزگەیەک کردووە، بەڵام تا ئێستا کرێکەی پێنەدراوە، هەرچەندە ئەو کرێکارە زۆر هەوڵی داوە مافەکەی خۆی وەربگرێ، بەڵام وەڵامیان نەداوەتەوە بۆیە پەنای بۆ دادگە بردووەو سکاڵای لە دژدا تۆمار کردووە.

بەگوێرەی زانیارییەکان پێشتر ئەو کرێکارە بۆیەی بۆ ئەو دەزگایە کردووە، دواتر بە بیانۆی ئەوەی باش نەبووە دووبارەی بۆیەی کردۆتەوە، نۆ مانگ بەسەر بۆیە کردنەوەی دووەم دا ڕەت بووە کەچی کرێکەی وەرنەگرتووە. هەر لەپێوەند بەم کێشەیە بەرپرسەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە کرێکەیان بە هاوکارێکی ئەو کرێکارە داوە، بەڵام کرێکارەکە سوورە لەسەر ئەوەی کە تا ئێستا 865 هەزار دینار لەلای دەزگاکە ماوە، دەیەوێ ئەو پارەیەشی پێبدرێ.

### گوللەهاوەنێک لەهەولێر دەتەقێتەوەو ژنێک بریندار دەبێ

لە هەولێر لەئەنجامی تەقینەوەی گوللەهاوەنێک ژنێک بریندار دەبێت. سەرچاوەیەکی ئاسایش کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت ڕاگەیاند:" کاژێر 10 ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 29-11-2007 لەنێوان هەردوو گەڕەکی گلکەند و مامۆستایانی شاری هەولێر گولەهاوەنێک تەقیوەتەوە. سەرچاوەکە ڕوونیشیکردەوە کە لەوانەیە ئەو گوللەهاوەنە پاشماوەی سەردەمی ڕژێمی بەعس بووبێ و لەوناوچەیەدا مابێتەوە، بەداخەوە لەئەنجامی تەقینەوەیدا ژنێک بریندار بووە. بەڵام سەرچاوەکە هۆکاری ئەو تەقینەوەیەی ڕوون نەکردەوە.

### هەولێر: کچێک دەسووتێ

ڕۆژی 27-11-2007 لە گەڕەکی شۆڕشی شاری هەولێر لە ئەنجامی ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوەدا کچێکی تەمەن 22 ساڵ بە ناوی "ن. ج" بەرێژەی 90 % جەستەیدەسووتێ. بەپێی ئەو زانیاریانەی بە دەست ڕۆژی گەل گەیشتوون دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە قوربانیەکە بە پۆلیسی ڕاگەیاندووە لە کاتی ئاو گەرم کردندا پریمێز تەقیوە و بەهۆیەوە سووتاوە، دواتر کەس و کاری هەوڵی کوژاندنەوەیان داوە و گەیاندویانەتە نەخۆشخانە، بەڵام لە لێکۆڵینەوەی بەراییدا پۆلیس بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی گومانی ئەوەی هەبووە کە ئەو کچە لە سەر کێشەیەک خۆی سووتاند بێت، هەروەها سەرچاوەیەکی پزیشکی لە نەخۆشخانەی ئیمرجێنسی ئەوەی ئاشکرا کردووە کە لەئەنجامی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی باری تەندروستی ئەو کچە خراپە و مەترسی لەسەر ژیانیدا هەیە و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەستی پێکردووە.

### لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا پێنج کەس گیان لەدەست دەدەن

ڕۆژی 27-11-2007 لە ڕێگەی نێوان هەولێر- موسڵ دوو ئۆتۆمبێل پێکیانداداو، بەو هۆیەوە پێنج مرۆڤ دووچاری کارەسات دەبنەوە.

لە ڕێگای نێوان هەولێر- موسڵ دوو ئۆتۆمبێل لە جۆری سەنی – بارهەڵگرێکی دانیا پێکیانداداو و لەئەنجام دا گەنجێک (24 ساڵ) بە ناوی" ە.ب" کە خەڵکی شاری کەرکوکە دەمودەست گیانی لەدەستداوە و چوار لە سەر نشینی نێو ئۆتۆمبێلی سەنیەکە بە ناوی " فوئاد، هەژار، شێرزاد، شێروان" بریندار بوون. بەپێی زانیارییەکانی پزیشکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شاری هەولێر باری تەندروستی" یەکێکیان زۆر خراپ بووەو دواتر گیانی لە دەست داوە.

### دایکێک لەلایەن کورەکانیەوە بریندار دەکرێ

ڕۆژی 27-11-2007 لە شارۆچکەی (قەرەقوش)ی سەر بە شاری موسڵ دوو برا بەشەڕ دێن، دایکیان ناوبژیوانیان دەکات بەڵام یەکێکیان دەست بۆ چەک دەبات و چەند گوللەیەکی لێدەدات و برینداری دەکات.

بەگوێرەی زانیارییەکان ئەو دوو برایە لەسەر کێشەیەکی خێزانیدا بەشەڕ دێن، شەڕەکەیان تەشەنە دەکات و دەمانچە لەیەکتر ڕادەکێشن، دایکیان دەچێتە نێوانیان، بەڵام چەند گوللەیەکی بەردەکەوێ و بریندار دەبێ.

بەگوێرەی زانیارییەکان دایکەکە ناوی (ئا.ئە)ە و تەمەنی نزیکەی 50 ساڵ دەبێ، لە شەڕی نێوان کوڕەکانی بەسەختی بریندار بووە، هەرچەندە کە دایکەکە سکاڵای تۆمار نەکردووە، بەڵام پۆلیس هەردوو کوڕەکەی دەستگیر کردووە.

## پەیامی پیرۆزبایی بۆ ناوەندی چاک

**بەڕێزان ئەندامانی دووەمین کۆنگرەی ناوەندی چاک**

سڵاوی ڕزگاری و سەرخۆبوون.

لەپێوەند بە پێکهێنانی دووەمین کۆنگرەی ناوەندی چاک ەوە پڕ بە دڵ پیرۆزباییان لێدەکەین، هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازین، شادی و سەرفرازیتان ئاواتمانە.

ئێمە لە حزبی ڕزگاریی کوردستاندا حەزمان دەکرد لە نزیکەوە بەشداریتان لەگەڵ دا بکەین، نوێنەرمان لە کۆڕی کردنەوەی کۆنگرەکەتان دا بەشداری بکات و پەیامی مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستانتان پێرابگەیەنێ، وەلێ مخابن بۆمان نەڕەخسا، بۆیە دەخوازین ئەم پەیامەمان لێوەربگرن.

بەڕێزان! ناوەندی هەڵبجە بەکارو چالاکیەکانی توانیویەتی ئاکاری خۆی لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردستان دا تۆمار بکات، ئەمەش شانازییەکەی گەورەیە بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و سەرجەم کوردستانیان، بەوهۆیەوە ئێمە هەم ڕێز لەهەوڵ و تێکۆشانی ئێوەی تێکۆشەر دەگرین و شانازی بە کاروچالاکیەکانتانەوە دەکەین، هەمیش ئامادەیی خۆمان بۆ هەرجۆرە هاوکارییێک ڕادەگەیەنین. هەروەها ئاواتەخوازین کە کۆنگرەکەتان بە بڕیارو ڕاسپاردەی بەجێ کۆتایی بە کارەکانی خۆی بهێنێ، ئاکام سەرکەوتووانەتر درێژە بەکارو چالاکیەکانی بداتەوە.

لەکۆتاییدا سڵاو و پیرۆزبایی خۆمان دووپات دکەینەوە.

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی ڕزگاریی کوردستان**

2007-11-29

## بەرپرسێکی سەربازی بە ئۆتۆمبێلەکەی وڵاتیێک دەشێلێ و جێشیدەهێڵێ

ڕۆژی 2007/11/25(لیوا ع.ش) کە لێپرسراوی سەبازی لایەنێکی کوردستانیە لەسەر ڕێگەی پیرەمەگروون بەهۆی خێرایی لێخورینەوە خۆی بۆ کۆنترۆڵ ناکرێ،وڵاتیەک دەشێلێ و ڕاشناوەستێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان قوربانیەکە ناوی (ف. هۆمەر)بووە، بەوهۆیەوە بە سەختی برینداری دەبێ، بەڵام چەند کەسێکی ئەو ناوچەیە بەهاواریەوە دەچن و بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی دەیبەن، بەداخەوە دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە لەبەر سەختی برینەکەیەوە لەڕۆژی 2007/11/28 گیان لەدەست دەدات. بەهۆی ئەوەی کەسانێک ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەیان گرتووە، ئیدی کەسوکاری قوربانیەکە سکاڵایان لەدژدا تۆمار کردووە، بەڵام نەزانراوە کە تۆمەتبارەکە دەستگیر کرابێ.

## سەنتەری ڕۆشنبری چۆمان لە گۆڕینی بەرپرس ریکۆرد دەشکێنێ

دوای گۆڕینی لێپرسراوی سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان ،ڕۆژی 2007 /11/26 جارێکی دیکە بەرپرسە نوێکە گۆڕدرا.

بەگوێرەی زانیاریەکان دوای لادانی بەرپرسی سەنتەرەکە کەسێک بەناوی (بەندی) وەک بەرپرسیاری سەنتەرەکە دەست نیشان دەکەن، دواتر ئەویش لادەدەن و کەسێکی دیکە بە ناوی (هەڵگورد) ڕادەسپێردن، دوایی ئەویش لادەدرێ و کەسێکی دیکە بەناوی (پرشنگ پ)جێگەی دەدگرێتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان کێشەیەکی گەورە لەسەر بەرپرسیارێتی سەنتەری ڕۆشنبیری چۆمان لەنێوان خودی بەرپرسەکان و کەسە دەستڕۆیشتووەکاندا هەیە، هەموو بەرپرسەکان کە یەکێک پشتیوانی لێدەکات، یەکێکی دەستڕۆیشتووتر ناچاری دەکات و کەسێکی نزیکی خۆی لە جێگەی دادەنێ، ئەمەش نیگەرانی و پەرێشانی لەنێو خەڵکەکەدا دروست کردووە.

جێگەی ئاماژەیە دوای ئەو هەموو گۆڕانکاریە ئێستا دەرکەوتووە کە حەوت ملیۆن و نیو دیناری عێراقی ون بووەو نازاندرێ کەی و چۆن تیاچووە، هەربۆیە بڕیاردراوە کۆمیتەیەک بۆ بەدواداچوونی سەرفیاتی سەنتەرەکە دروست بکرێ و دەست بە لێکۆڵینەوە بکات.

## نەقیبێکی دارستان منداڵێکی 4 ساڵە دەکوژێ

ڕۆژی 25-11-2007 نەقیبێکی بنکەی پۆلیسی دارستان لە چیای ماکۆک منداڵێکی چوار ساڵە دەکوژێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان کاتێک مەفرەزەیەکی پۆلیسی دارستان بەمەبەستی دەستگیرکردنی ڕاوچیەکان لەچیای ماکۆک دا دەسوڕانەوە، نەقیبێک بە ئۆتۆمبێلەکەی منداڵێکی چوار ساڵانە دەشێلێ، بەوهۆیەشەوە منداڵەکە گیان لەدەست دەدات.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەو منداڵەکە لەگەڵ دایک و باوکیدا لەنێو ڕەزو باخی خۆیان دەبن، منداڵەکەش لەکاتی خەوتن دا دەبێ، بەڵام نەقیبەکە هەستی پێناکات و بەسەری دەکەوێ، هەردەمودەست گیان لەدەست دەدات.

بەگوێرەی زانیاریەکان نەقیبەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراوە، بەڵام نەزانراوە چۆن کێشەکە یەکلایی دەکرێتەوە.

## چەند گوندێک ڕەخنە لە شارەوانی چوارقوڕنە دەگرن

ێرەی زانیاریەکان دوای کۆبونەوەی دانیشتووانی گوندەکانی (گردان،کانی ماران و قەن تەران) ونەتە ئەو بڕیارەی کە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن بەڵکو گوندەکانیان بۆسەر یێکی دیکە بگوازرێتەوە.

شتووانی ئەو گوندانە نارەزایی دەردەبڕن و شارەوانی چوارقوڕنە بەکەمتەرخەم دەزانن، پێیانوایە ەوانی خزمەتگوزاری پێویستی پێشکەش بە جووتیارانی ئەو گوندانە نەکردووە، لە پڕۆژەی ی بێبەش کراون، ئەمەش بە ناعەدالەتی دەزانن و ڕەخنەی لێدەگرن.

شتووانی ئەو گوندانە هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر داواکەیان جێبەجێ نەکرێ بە شێوازی خنەو نارەزایی خۆیان بە لایەنە پەیوەندارەکان دەگەیەنن.

## هەواڵی سەیر

**ڕۆژی** 2007/11/27 دانشتوانی چەند کۆڵانێکی گەرەکی (حریە)شاری کەرکوک دوای یەوەی کە ئیمزایەکی زۆیان کۆکربۆوە دژی داخستنی یەو هەموو کۆڵان و شەقامە گشتی یەی لۆە لایەن (ر_ت)ی لێپرسراوی پاسەوانەکانی پارێزگای کەرکوکەوە داخراوە و دەکەونە دەورو پشتی ماڵەکەیەوە پێشکەش بە پارێزگای دەکەن هەر لەوێ پێیان دەڵێت برۆن لەماڵی خۆتان دابنیشن خۆتان توشی لێپرسراویەتی و سەر ئێشە مەکەن ،کێ دەتوانی مسۆگەری ئاسایشی گەرەکەکە بکات با بەڵێن بدات ئینجا داوای کردنەوەی ئەو ڕێگایانە بکات ، ئەگینا هەر شتێک لەو سنورە روبدات لە ئەستۆی ئێوەیە .شایەنی باسە ناوبراو (ر_ت)شەقامێکی سەرەکی و چەندەها کۆڵانی بە کۆنکرێتی گەورە و کیسەی خۆڵ داخستوە لەبەر خاتری ماڵەکەی خۆی تەنها پیادە بۆی هەیە لەوێوە تێپەرێت و هیچی تر.

**ڕۆژی**2007/11/24 لە ئامادەی پێشرەوی تێکەڵاو لە چەمچەماڵ 3خوێندکاری کوڕ لە مامۆستای وانەی (زیندەوەرزانی )بەشەر دێن لەسەر لاساری خۆیان چەندها جنێوی ناشیرن بە مامۆستاکە دەڵێن و تەنانەت هەڕەشەی لێدانیشی لێ دەکەن لەدەرەوە، بۆیە ئاگادانی پۆلیسیان لێ دەکەنەوە دەیان گرن و زیندانیان دەکەن ، هەر لەسەر ئەوەش باوکی ئەکێک لە خوێندکارەکان کە شەرەکە لەسەر ئەو کرابوو دێت بۆ خوێندنگە و لە جیاتی قسەی خۆش و داوای لێبوردن کەچی هێشتا ئەو قسەی خراپ دەکات بەرامبەر بە مامۆستاکە و جنێوی دەداتێ . بەڕاستی زۆر سەیرە لە سایەی سیستەمی نوێی خوێندندا (ماشاڵە)مامۆستا ئیشی باشە و دەربەستی هیچ ئیهانە و جنێو نایەت، چونکە بریارەکە وایە قسە بکات فەسڵ دەکریت.

**گەرەکی** 69ی شەهیدانی چەمچەماڵ کە سەدان خانو ماڵی تێدایە کەمترین و بچوکترین خزمەتگوزاری شارەوانی بۆ نەکراوە ،زیاتر لە( 4ساڵە) خەڵکی ئەو گەرەکە کە چەندین مامۆستا و فەرمانبەر و خەڵکی ئاسای و کەسوکاری شەهیدانی تێدایە داواکاری بەرز دەکەنەوە بۆ ئەو مەسەلەیە بەڵام هەر بێ سودە، کەچی کۆڵانەکانی ماڵی(ج)کە بەرێوەبەری فەرمانگەی ئاوە و تەنها شەقامێک لەو گەرەکەوە دورە ، وا خەریکە ئاوەرۆ و ئاوی شیرینی بۆ ڕادەکێشن ، ئەمە لە کاتێکدا هەر لەزووەوە کارەبایان بۆ چارەسەر کراوە، بۆیە هەمیشە دەڵێین ماڵت نزیکی بەربرسێ بێ باشە .

**مامۆستا**(س. صالح) کە زیاتر لە دە ساڵە بێ دابران لە قوتابخانەی حەسارۆستی سەرەتای ناحیەی شۆرش وانە دەڵێتەوە ، داوای گواستنەوەی کردوە بۆ قوتابخانەیەک نزیک خۆیان هەر لەو ناحیەیە کەچی لەجیاتی ئەوەی نزیکی بکەنەوە، ناوەکەیان گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەیەکی زۆر دورتر لەوەی خۆی . شایەنی باسە ئەمە دوو ساڵە ناوبراو فۆرم پردەکاتەوە و وای لێدەکەن ، کەچی مامۆستای دیکەش بە(1ساڵ) خزمەت و (1 واسیتە) لەو شوێنە داندراوە کە دڵی پێی خۆشە ..زۆر سەیرە تاکەی چارەسەری ئەم سیستەمە ناکرێ و تاکەی ئەم جیاوازی کەسی و حیزبێتی و عەشیرەتی لە کوردستان درێژەی هەبێت.

**ڕێکخراوی**(ئای.ئای.پی) کە ڕێکخراوێکی خێر خوازی ئیسلامی یە و بارەگا سەرەکی یەکان لە بەغدایە و بنکەیەکیان لە گەرەکی (حی الخزاء)ی شاری کەرکوکش کردۆتەوە ، لە هەفتەی رابردودا بە مەبەستی پارەدان بە و خێزانانەی کە ناونوس کرابون بە ئوتومبێلێک پارەیەکی زۆر دەبەن و لەگەڵ خۆیاندا بۆ دابەشکردن بەڵام لە ناکاو دەکەونە بۆسەیەکەوە و دەگیرێن و دەیان بەن بۆ شوێنێکی نادیار . سەیرەکە لەوە دایە هەر ئەو ڕۆژە کارە تیرۆرستیەکە یاشکرا دەبێت و دەگیرین، بە گوێرەی هەواڵ یەکێک لە کارمەندانی ئەو ڕێکخراوە (ڕێکخراوی ئیسلامی عێراق) دەستی لەگەڵ تیرۆرستەکان هەبوە کەسێکی دیکەش لەناو تیرۆرستەکان پەیوەندی بە پۆلیسی کەرکوکەوە هەبوە . بۆیە کارەکە گەشتە ئەم ئاستە.

**ڕۆژی** 2007/11/29 هاوڵاتی (غ) کەدانیشتوی شاری کۆیەیە و خێزانەکەی خەڵکی چەمچەماڵە و ماوەیەکە تۆراوە، ڕێک ناکەون و ناگەن بە چارەسەر ، لەو ڕۆژەدا دێتە ماڵی خەزووی و دەست ڕێژێکی گولەیان لێدەکات و لە ئەنجامدا (4کەس) لێ بریندار دەکات کە یەکێکیان خێزانەکەی خۆیەتی فیشەکێک بەر منداڵەکەی ناو سکی کەوتوە و منداڵەکەی کوشتوە...سەیرەکە لەوەدایە لەدوای ئەو هەموو توندوتۆڵیەی ئاسایش یەی کە ماوەیەکە لە چەمچەماڵ بەرقەرارە کابرا وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت و دەگەرێتەوە بۆ کۆیە.

**چەند** مانگ لەمەوبەر نوێنەری هەندێ هێڵی ئاسمانی بیانی هاتن بۆ کوردستان و ئامادەیی خۆیان بۆ گەشتی نێوان شارەکانی کوردستان و پێتەختی وڵاتانی دیکە ڕاگەیاند، نرخەکانیشیان زۆر هەرزان بوو، بەڵام بە بیانۆی جۆراوجۆرە ڕێگەیان پێنەدرا، نازاندرێ بۆچی دەبێ حکومەتی هەرێم ڕێگە بە هێڵێک دەدات کە بلیت بۆ ئەوروپا بە 1000 دۆلار دەفرۆشێ و خزمەتگوزاریشی زۆر خراپە، بەڵام ڕێگە بە هێڵێک نادات کە ئامادە دەبێ بلیت بۆ ئەوروپا بە 600 دۆلارو بۆ وڵاتانی دراوسێش بە 250 دۆلار بفرۆشێ؟!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com